**ندەی مرۆڤایەتی لەگەڵ "ChatGPT" دا و زیرەکی دەستکرد چۆن جیهانەکەمان دەگۆڕێ؟...!**

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: هەڵۆ بەرزنجەیی     بەشی یەکەم




زیرەکی دەستکرد بە زمانی ئینگلیزی Artificial Intelligence(AI)
بە ئەڵمانیKI (Künstlichen Intelligenz)؟؟....!

کارکردن، بازاڕکردن، چاکبوونەوە و تەنانەت مردنمان بەرپا دەبێت!! ئەوە چییە وا لە ئێمەی مرۆڤ دەکات؟..
ڕاپۆرتێکی تێرورتەسەل لەسەر زیرەکی دەستکرد.. ئەو شۆڕشەی سەرتاپای ژیان دەگۆڕێ و مرۆڤایەتی دەخاتە بەردەم ئاڵنگارییەکی نوێ لەگەڵ ژیان دا...
بەندە بۆ خۆم زۆر کۆڵم لە دنیای تەکنیک و تەکنەلۆژیا و ئابووریی دا.. بەڵام ئەوە ماوەی یەک دوو مانگە بەردەوام وتار و ریپۆرتاجی سەیروسەمەرە لەسەر سەرەتاکانی ئەم شۆڕش و کاریگەریی و وەرچەرخانە گەورەیە دەخوێنمەوە، کەوا مەزەنە دەکرێ  گۆڕانکاریی و کاریگەرێتی زۆر گەورەتر و بەرفراوانتر دەبێت لە سەرمان لە هی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەک ...لە ماوەیە هەفتەیەکدا رۆژنامەی دێر تاگەسشپیگل و گۆڤاری شتێرن چەندین لاپەڕەیان تەرخان کرد بۆ ئەم باسە...بۆیە بە خۆشییەوە دەمەوێ چەند سەرە دێڕ و زانیارییەکی گشتی لەوەی خوێندوومەتەوە و تێی گەیشتووم پێشکەش بە خوێنەران و هاوڕێیانم بکەم...
+ئەگەر سوپا بچێتە جەنگەوە، AIبەتەواوی هاوکارە بۆ پێکان و کوشتنی مرۆڤەکان
+ئەگەر زانستی پزیشکی خەریکی لەناوبردنی نەخۆشی شێرپەنجە بێت، AIهاوکارە لەدەستنیشانکردنی/ دیاگنۆزەی دەردەکەدا.
+ئەگەر مرۆڤ فەرمان بە دینەمۆیەکی وێنەیی بدات کە بە AI کار بکات، داوای لێ بکات بەخێرایی وێنەی خانوویەکی بە ستایلی Vincent van Gogh بۆ بکێشێ! بەچەند چرکەیەک ئەم کارە ئەنجام دەدات.زیرەکی دەستکرد لە زۆر بواری دیکەشدا بەکار دەهێنرێ..
بەپێی بیروڕای زۆر لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە، تەواوی ژیانمان بەهۆی AI دەگۆڕێ :کارکردن، بیرکردنەوە، خوێندنی زانکۆ، چاودێری ، دیاریکردنی نەخۆشی/ دیاگنۆزەکردن، چاکبوونەوە، خزمەتکردن، سەرپەرشتیکردن، خۆشەویستی و کوشتنیش..! زیرەکی دەستکرد دەتوانێ وتاری نزیک لە مرۆڤ بنووسێ و ئامادەی بکات و بیهێنێتە بەرهەم..لە ماوەی ٥-١٠ساڵی داهاتوودا

زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکان ، ڕۆژنامەنووسان لەلایەن ڕۆبۆرتەوە بەرهەم دەهێنرێن!.. لە وتارەکەی گۆڤاری چەند دا دێڕێک بە ستایلی لار نووسراوە، بەرنامەی ChatGPT دایڕشتووە..

دەڤەری Silicon Valley لە نێوان San Francisco& San José لە سەر کەناری ڕۆژئاوای ئەمەریکا ناوەندی ئەم کارەیە کە هێندەی زانکۆیەکە و بەدەگمەن خەڵکی ئاسایی تێدا بەدی دەکرێ و لەوێ تۆڕی مۆبایل کار ناکات .. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان Google,Microsoft, Metaein پێشبڕکێ بە ملیاردەها دۆلار دەکەن بۆ دروستکردنی باشترین/ سووپەر . AI ئەم شوێنە باخچەیەکی سێرفەر Serverfarmenلێیە هۆڵی زەبەلاحی پڕ لە کۆمپیوتەری تێدایە و تا ئەم ئامێرانە بە ملیاردەها داتا سیخناخ و پڕ بکەن.. لێرە / Start- Up- Firmen کۆمپانیای سەرەتایی هەیە، کە نەوەی یەکەمی AIملیۆنەرەکانە .دەزگەی CIA&Pentagon لێرە خەڵکانی خۆیان چاندووە، هەروەها دەزگەی هەواڵگیریی چینی ..!

لێرە لەم ناوەندە Hightech- Zentrumی جیهان .. زانای ڕەوشت، فەیلەسووف و ئایندەخوازەکان کار دەکەن لەسەر ئەو پرسیارەی تا پێش ماوەیەک لە Science- Fictionدەستی پێکردووە. ئایا پێویست دەکات ئێمە لە ئایندەدا کار بکەین ؟! بەم زوانە دەتوانین ١٥٠ ساڵ بژین؟! ئایا ڕۆبۆت دەتوانێ سەرکردایەتی جیهان بگرێتە ئەستۆ ؟..! لە دەڤەری Silikon Valley هاوڵاتییەکی تەمەن ٣٩ ساڵی لێیە، بەناوی Richard Socherئەڵمانە و یەکێکە لە ئەقڵەکانی ئەم بوارە و خۆیشی بەڵێندەری AIو لەم ڕووەوە دەڵێ:" زیرەکی دەستکرد کاریگەریی لە سەر مرۆڤایەتی زۆر لە ئینتەرنێت زیاتر دەبێت ." ئەم بۆ خۆی ئامێری گەڕان Search engineبەناوی You.com هەیە و دەیەوێ کێبەرکێی کۆمپانیاکانی گوگڵ و مایکرۆسۆڤت بکات لەتەك بەرنامەی بەگەڕخراوی ChatGPTی کۆمپانیای OpenAI..مەکینەکەی Socherخۆی E- Mailدەنووسێ و دیزاینی هونەری دەکات.. هەروەها خواستەکان جێبەجێ دەکات... پێی دەڵێ ڕاپۆرتێکی بازرگانیم بۆ بنووسە، بە شێوەیەکی Thermodynamik دەیکات...



لە ئایندەدا هەرچی زانینی جیهانە دەخرێتە ناو یەک مەکینەوە.. واتە زیرەکی دەستکرد کاتێ هەرچی داتای جیهانە دەخرێتە ناوییەوە و زیرەکی دەستکرد دەتوانێ باشتر جیایان بکاتەوە لە پرۆفیسۆرێکی مێژوو .یان ئەگەر فەرمانی پێ بدە وێنەیەکی بێ شومارت بۆ دەردێنێ، ملیۆنێ زیاتر لە هەر

هونەرمەندێکی وێنەکێش..دەتوانی کاهوی زەڵاتە لە کێڵگەکاندا باشتر بپشکنێ و ئاورشێنیان باشتر بکات لە هەر جوتیارێک یان تراکتۆرێک... بە کورتی کایەی کارکردن لنگەوقوچ دەکاتەوە.. بەو واتایەی AI جێی جوتیارانیش دەگرێتەوە.. وەک Socher دەڵێ:" **لەبواری کشتوکاڵدا پرۆسەی بە ئۆتۆماتیکەکردن زیاتر دەبێت ."**

**ئەی پارێزەرەکان چییان بەسەر دێ؟..!**

زیرەکی دەستکرد ئەم پیشەیە سەرلەبەر دەگۆڕێ.. لە دۆخی دادگاییەکدا AI دەتوانێ بە چرکەیەک وەڵامی هۆکارەکان بداتەوە.. پەرەگرافی دروست بەکاربهێنێ و رووداوی هاوشێوە ببینێتەوە..

**ئەی کاری پزیشکان؟...**

"دەستکردی زیرەک بە شێوەیەکی بنچینەیی دەگۆڕێت. ئایا نەخۆشی سیل لەسەر وێنەی تیشکی دەردەکەوی؟ دەستکردی زیرەک دەتوانی ئەوە بزانێ. هەروەها لە گەشەپێدانی دەرمانی ئەنتیبایۆتیک دا زۆر هاوکاری بکات و بەگشتی و بەنێزیکی تەواوی نەخۆشییەکان خێراتر شیاوی چاکبوونەوە دەبن..

ئەم پسپۆرە ئەڵمانییە Socherهاوسۆزیی و سیمپاتی هەیە بۆ هەموو کارکەران، هونەرمەندان، و ئادیمیستەکان کە بەم هۆیەوە کارەکانیان لەدەست دەدەن.. هەروەها دەڵێ: بەڵام کاتی خۆیشی کە ئوتۆمبیل داهات عەرەبانچی پیشەکەی دۆڕاند و کە مەکینەی پیشەسازی دۆززرایەوە جۆلاش کاری نەما...!

بەهەر شێوەیەک لەم گۆڕانکارییە بڕوانین وەک پێشبینی دەکرێ زیرەکی دەستکرد نزیکەی ٨٠ %هەموو کار و پیشەکان دەگرێتە ئەستۆی و تەنیا لەو شتانەدا کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە لەڕووی پەروەردەوە ناتوانێ داتای تەواو کۆبکاتەوە، وەک لە پیشەی دایەنی ساوایان و پەروەردەکاری منداڵ لە باخچەی منداڵان دا...




**ئەی چی بەسەر کۆمەڵگەدا دێ؟...!**

ناوبراو دەڵێ: ئەم پرسیارە زۆر ئاڵۆزە و ناتوانم وەڵامێکی راستی بدەمەوە" ئەگەر هەتا بێت پیشەسازی و کارکردن زیاتر بە ئۆتۆماتیکی ببن، ئێمە کاتمان زیاتر ە بۆ ئەو شتەی دەمانەوێ بیکەین، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە: بەڕاستی ئێمە چیمان دەوێت؟..! هەر لەم رووەوە دەڵێ: ئەگەر دواتر نرخی زیرەکی دووبارە دابەزی و هەرزان بوو، Techno- Utopie دەتوانێ بەشێوەیەک لە شێوەکان خواردنی پێویست بە هەموو مرۆڤەکان بدات.. هەروەها دەڵێ: ئەو کات دەتوانین بڵێین ئێمە بێ کار دەبین و کارمان نییە. بەڵام ئێمڕۆ مرۆڤ کاتەکانی بەوە بەسەر دەبات کاریگەری هەبێت، یان خۆی بە وەزشکردنێکی پەرگیرەوە سەرقاڵ دەکات. دەی باشە دەبێ چی بکەین؟...!

**هەڵپەکردن بۆ زێر**

ناوچەی Silicon Valley ئەو شوێنەیە کەلێیەوە بڕیار لەسەر ئایندە و ڕەنگە چارەنووسی مرۆڤایەتی بدرێ، چۆڵەوانییە و ئوتۆمبێلی رۆبۆرتەکان کە لەسەرەوە کامیرایان لێ بەستراوە و چواردەوریان / Sensorحاسە پێوەیە دێن و دەچن.. بازار و سوپەرمارکتەکان فرۆشیاریان لێ نییە و رۆبۆت ئەم کارانە ئەنجام دەدات.. ئەگەر بێت گەورەترین بازاڕیش بکەیت/ زۆرترین شتەمک بکڕی ، رۆبۆرت بێ هیچ گرفتێک بە ئەلخواریزمەکەی خۆی بەچاوتروکانێک هەژمارەکەت بۆ دەکات..

لە گەڕەگ و حەوشەکانی پشتەوە کۆمپانیاکانی Start up نیشتەجێن و بە AI بازاڕی کار/ پێشانگای کار گەشە پێدەدەن یاخود ڕۆبۆتی سەرپەرشتیکار/ پەرستار، یان چارەسەری جینەکان دەکەن ..ئەمانە بۆ ئەم پرۆژەیەیان ملیاردەها دۆلاریان خستۆتە گەڕەوە، بۆیە لە دواجاردا هێندەی زیاتری لێ قازانج دەکەن.. ئامانج لە دروستکردنی ئەم رۆبۆرتانە وەک خاوەنەکانیان دەڵێن: **بەرپاکردنی شۆرشە لە کاروباری ڕۆژانەدا: ئاژووتن، بازاڕکردن، خوێندنی زانکۆ و هتد.. هەرورەها دەڵێن: ئێمە نامانەوێ هەر بەتەنیا خۆشی و داهێنەرە دروستکراوەکان ، بەرز بکەینەوە، بەڵکوو خەم و ناخۆشی هاوڵاتیان کەم بکەینەوە . بۆ نموونە: لە کاتێکدا پێویست بێت هەژماردی باجدان بکەین ، خۆ لە قەرەباڵغی شەقامەکان/ ترافیک لادەین.. ئەمانە کاری سەرئێشە و وەڕسکەرن...!**

زیرەکی دەستکرد دەیەوێ بەو مۆدێلەی خۆی هەوڵی لەناوبردنی ئەو بارە قورسەی سەرشانمان بدات ..ئەمەش زەمینە خۆشکردنێکە و بەم جۆرە پێشەنگەکانی بواری دەستکردی زیرەک دەیانەوێ خەڵکی بەلای خۆیاندا ڕاکیشن : **ئێمەکارتان لێ دەسەنینەوە و لەبەرانبەردا کاتی ژیانتان دەدەینێ بۆئەوەی ئێوە ئەوە بکەن کەخۆتان هەمیشە حەزی لێ دەکەن بیکەن!.. ئێمە ئێوە بەناوی کارامەیی و لێهاروویی، بە ئاسایش و ئاسوودەییەوە ڕادەستی رۆبۆتەکان دەکەین، لە بەرانبەر ئەوەشدا ئێمە داتاکانتان وەردەگرین و ببنە ملیۆنەر..**

**ڕاوی زیرەکی باڵا Super Intelligenz /**

بەناوبانگترین کۆمپانیا Open AL کە خاوەنەکەی ناوی Sam Altman ە و تەمەنی ٣٧ ساڵە.. لە سان فرانسیکۆ لە ئاپریلی٢٠٢٢ دا دینەمۆی وێنەی DALL-E٢ هێنایە کایەوە و راگەیاند و لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵ دا یەکێ لە داهێنانە هەرە هەرە نوێیەکانی جیهانی تەکنەلۆژی بە ناوی Chat GPT خستە نێو دنیای سەدەی ٢١ ەوە - .. شایانی باسە Chat GPT زانیارییەکانی تا مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٢ تێدایە و دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بەو سەردەمانەی پێشوو بداتەوە، واتە لەدوای مانگیی نۆفەمبەری پار بەدواوە ناتوانێ هیچ زانیارییە بدا **!** - مەگەر لەمەودوا داتای ئەم ساڵانەیشی ێ بکەن تا بتوانێ کاری خۆی بکات..

ئەم داهێنانە سەیرو عەنتیکەیەی دنیای پێشکەوتنی زانست لەوکاتەوە خەیاڵ و فەنتازیای بەرکارهێنەران و وەبەرهێنەرانی وروژاندووە، ئەوەی کردۆتە ئامانج: پەرە بدات بە AI لە پێناوی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی دا. ئەمە پەیامی بەردەوامی پسپۆڕانی ئەم بوارەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بەڕاست ئەمە وایە؟ لەکاتێکدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕ و شارەزایان دوودڵن و تێبینی خۆیان لەسەر ئەم گەشەکردنە خێرایە هەیە. پێش چەند رۆژی بانگەوازێک بڵاکرایەوە لە لایەن ژمارەیەک پسپۆر و شارەزای ئەم بوارەوە و کەسایەتی جیهانییەوە کەوا داوادەکەن **: کارکردن و گەشە پێدانی زیاتر لەم بوارەدا بۆ ٦ مانگ ڕاگیرێ .!**

خوێندنەوەکان وامان پێ دەڵێن، پێدەچێ پەرەسەندنی ئەم زیرەکی دەستکردە بەرەو ئەوە بڕوات لەدەست دەرچێ و لێکەوتەی ترسناک بقەومێنێ ..!هەر لەم مەودایەدا پێش ماوەیەک " **ئەنجومەنی ڕەوشت/ ئێتیکی ئەڵمانی** " هۆشیاری دا لەوەی دەبێت دەستکردی زیرەک بە سنووردارکراوی لەبواری پزیشکیدا بەکار بهێنری... بەو واتایەی ئەم ئامێرە ناتوانێ جێی مرۆڤ بگرێتەوە، چونکە نەخۆش لە رووی رۆحی و گیانییەوە پێویستی بەهەست و نەست و خۆشەویستی مرۆڤ هەیە و دەستکردی زیرەک بێ گیان و وشک و برنگە. کۆمپانیای زەبەلاحی مایکرۆسۆفت ١٠ملیۆنی خەرج کردووە بۆئەوەی بتوانێ Chat GPT وەک مەکینەی گەڕان Search/بەکاربهێنێ.

ئالتمان Altman /دەڵێ: **پەرەسەندنی تەکنەلۆژی لە ١٠٠ ساڵی ئایندەدا زۆر گەورەتر و کاریگەرتر دەبێت لەهەر ساتوکاتێکی تری لەو سەردەمەی ئێمە توانیومانە ئاگر بدۆزینەوە ڕەوڕەوە/ پێچکە دروست بکەین** ..ئەم شۆڕشە هێندە خۆشگوزەرانی ساز دەدات بەشی هەمووان دەکات .هەروەها دەڵێ: **ئێمە هێندە دوور نین لە زیرەکی دەستکردی ترسناک، کەوا لە خراپترین دۆخدا دەستکردی ناوبراو هەموو مرۆڤایەتی بکوژێ..** بەم دەربڕینانەدا بۆمان دەردەکەوێ تازە ناتوانرێ بەر بەم پەرەسەندنە بگرن، ئەگەرچیش ترسناکە بارگاوییە بە هەڕەشەی گەورە بۆسەر مرۆڤایەتی... ئاخر وەک زانکۆی Berkeley دەڵێ: **تەواوی بازاڕی دەستکردی زیرەک ١٠ بلیارد دۆلار بێت، ئەمەش بڕە پارەیەکی**

**زۆرە خراوەتە قورگی ئەم رۆبۆرتانانەوە..** پرۆفیسۆر Stuart Russell که به باوکی AI دادەنرێ دەڵێ: **ئەم بڕە پارە و پەرەسەندە زۆرە و دەبێت ئەم کارە لەژێر سەرپەرشتی و سەرنجداندا بێت ..!!**
**ئێمە لە چ جیهان دا دەژین؟..**
بەم پەرەسەندن و هاتنە کایە و بەکارهێنانی AI ملیۆنەها کار لەدەست دەدەین؟! ئەگەر پەنجە بە دوگمەیەکدا بنێین / کرتەیەک بکەین، نەخۆشخانەیەک قووت دەبێتەوە کە بەدەستی زیرەکی دەستکرد دروست دەکرێ.. ئێستا پێشبڕکێی ئەوەیە مۆدێلێکی پێشکەوتووتر لە زیرەکی دەستکرد دروست بکرێ بە ناوی Artificial Genereral Intelligenceکورتکراوەی A.G.I یاخود Super Intelegence یان Human- Level AL .دەیانەوێ جۆرە زیرەکێکی دەستکرد دروست بکەن، هەر خۆی بتوانێ هەموو شتێ بکات، ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیکات، بەشێوەیەکی خێرا و هەرزان و باشتر!.. بەپێی هەواڵی Science- Fictionئامانجی ریالیستی کۆمپانیاکان ئەوەیە لەم ١٠٠ ساڵەدا ئەم زیرەکە بەدەست بهێنن...
ئێستا کۆمپانیاکانی Googleبە Google Brain و Deep Mind و Microsoftبە Open AL و Facebook ە Meta AL و وڵاتی چینیش بە Tech- Giganten Baidu کە کۆمپانیایەکە لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکری ...!!خەریکن.. دروستکردنی سوپەر ئینتەلیگێنس لە Silicon Valleyبۆتە جێی مشتومڕ، چۆن بتوانن ئەمە بەرهەم بهێنن ..!!
بیرمەندی ئەم بوارە Stuart Russel دەڵێ: **ئێمە پێویستمان بە زیرەکی دەستکرد هەیە کە تەنیا لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، ئەو AI نابێت شتگەلێ بکات کە ئێمە نامانەوێ.. لە مەودایەکی دووردا دەیەوێ کارکردنی بوەستێنێ!.. پێشەنگێکی تری AI بەناوی Rosalind Picard دەڵێ: وەرگرتنی رۆڵی جیهان لەلایەن A.G.I خەیاڵە، مەکینەکان خۆیان ناتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن و کۆمپانیاکان دەیانەوێ بەردەوام بن لە کارکردن نایانەوێ کارەکانیان راگیرێ..**
**شۆڕشی AI لە بواری پزیشکی دا**
خاتووی پرۆڤیسۆر Picard لە Boston کار دەکات لە مەڵبەندی دووەمی ناوەندی زیرەکی دەستکردە لە Massachusetts Institute of Technology(MIT) لە تاقیگەکەیدا پێشوازی لە گروپی توێژینەوە Affective Computingدەکات تا بزانن" چۆن زیرەکی دەستکرد و دانپێدانراوی مسۆگەر دەتوانرێ پێکەوە بەکاربهێنرێ، بۆ ئەوەی شیکاری ئەقڵ و تەندروستی مرۆڤ بکەن .!لەسەر مێزەکەی ناوبراو دوا مۆدێلی داهێنان دانراوە کە زیرەکێکی دەستکردە پرکراوە لە ئەو ئامێرانەی لەبەر دەکرێن Wearablesئامێری هەستپێوەر یاخود پێوەری هەست Sensor / لە فۆرمی قۆڵبەند لەسەر بناغەی پێوانی تێکڕای ترپەکانی دڵ و گەرمایی لەش و لەرینەوەی حاڵەتی پەرکەم، قوربانییەکە/ کەسەکە یان نەخۆشەکە دەتوانرێ پێشوەخت هەست پێ بەدۆخی خۆی بکات و ئاگادار بێتەوە Picard... خۆی Sensorی وەک بەند یان بازنێک لە مەچەکیدایە و نیشانی داوە کەوا تووشی کێشەی هەناسەدان بووە. دەڵێ :**دوای ئەم حاڵەتە بۆ رۆژی دواتر تووشی کۆرۆنا بووم. ئەم هەستپێوەرە هەر تەنیا رێژەی تێکڕای لێدانی دڵ و لەرەی هەناسەدان و پێویستی ئۆکسجین دیاری ناکات، بەڵکوو هەروەها داتای GPSماوەکانی نووستن و جوڵەکانی روخساریش دەپێوێ و دەژمێرێ.**
ئەم ئامێرە بە خێراترین شێوە ملیۆنەها داتا و زانیاری بەراورد دەکات و جۆرێک لە پێشبینی دەدات بەدەستەوە.. ئایا مرۆ نەخۆش دەکەوێ؟!. بۆ نموونە ئەم قۆڵبەندە پێت دەڵێ: **ڕەنگە پێویست بێت سبەی تۆ پشوو بدەیت! ڕەنگە پێویست بێت سۆز و گفتی Meeting تۆمارتکردووە لە ناو ڕۆژمێری رۆژانەت دا ئەنجامی بدەیت ، وا باشترە بچیتە پیاسە و گەڕان و زۆر شتی تریش. ئەم قۆڵبەندە وەک یاوەرێکی ژیانتە، شرۆڤەی کاری میزاجتە..** دەتوانین پێشی بڵێین سەرپەرشتیاری ژیانمانە ڕێکخەر وئامادەکاری خشتەی کاروبارەکانمانە.. ناوبراو دەڵێ: **بەڵام هەتا ئێستا ناتوانم دەستنیشانی نەخۆشی دەروونی بکەم. بەڵام دەتوانێ گۆڕانکاری هەست پێ بکات، وەک: هەستکردن بە گۆڕانی دەروونی لەهەڵسوکەوتدا، یاخود هەست دەکەیت کەوا سبەی لە نەخۆشییەکەت چاک دەبیتەوە.**
وەک بانگاشەی بۆدەکرێ ئامانج ئەوەیە کەوا خۆپاراستنێکی Preventionباشترە بۆئەوەی مرۆڤەکان نەخۆش نەکەون، ئینجا پێویست بکات چارەسەر بکرێن.

Socher که خۆی لەبواری پرۆتینات دا لێکۆڵینەوە دەکات لە AI دا قەناعەتی وایە کە بەمزوانە هەموو نەخۆشییەکان شیاوی چارەسەرکردن دەبن و تەنانەت Picard یش دەڵێ: **لە AI جێگایەک بۆ ناسین و زانینی نەخۆشی شیرپەنجە هەیە هۆشدارییەک دەدات کەوا مرۆڤ پێویستە دڵنیا و مسۆگەر بێت** ...¡ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت بووترێ کەوا زیرەکی دەستکرد هێشتا هەڵەی زۆر دەکات... بەردەوامیش لە خۆ چاکردندایە . هەروەها سەرکێشییەکی گەورەی هەیە لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کایەی کەسی/ ژیانی تایبەتی. ئەم خاڵە لە زۆر وڵات خەمێکی بەهەقە، بەتایبەت لە یەکێ لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان دا دیارە و بەرچاوە..

**چین دەوڵەتی چاودێری**

ئەم ئامێر و تەکنەلۆژیا مۆدێرنە بە چڕی لە وڵاتی چین بەکاردێ لەبواری چاودێری هاوڵاتی دا.. بەرادەیەک دیکتاتۆری سیستەمەکە ڕۆچۆتە ناو ژیانی تاکە تاکەی ئەووڵاتە، کایەیەکی تایبەت و ئازاد بۆ هیچ هاوڵاتییەک نەماوە ..!بیرم دێ پێش چەند ساڵێ خوێندمەوە کەوا لە چین لە مەودای نیو کیلۆمەتردا ٥٠٠ کامێرای چاودێریی دانراوە!.. هەر قوتابییەک بازنێکی لەدەستکراوە بۆ چاودێریکردنی لە ماڵەوە، ئێستا زیرەکی دەستکرد بەو هەموو توانایەوە دەبێتە چەکێکی تری گاریگەری دەستی دەوڵەتی چین، ئەو هەژدیها حەوسەرەی بواری ئابووری و تەکنەلۆژیا لە ئێستادا بۆتە مایەی پەژارە و دڵەڕاوکێ جیهان .. لە چین زیرەکی دەستکرد لە بواری ئوتومبێلی ئەلتریکی، شمەک کڕین بە ئۆنلاین/ ئۆنلاین شۆپینگ، سۆسیال میدیا و بەتایبەت تیکتۆک لەپێش وڵاتێکی وەک ئەڵمانیاوەیە، بەڵام لەبواری توێژینەوە و پەرەسەندی تەکنەلۆژیاوە ئەمەریکا لەپێشترە. پسپۆرێکی ئەلمانی دەڵێ: سێ فاکت وای کردووە چین سوود لەم تەکنەلۆژییە وەرگرێ:

ژمارەی دانیشتوانی چین١,٤ ملیاردە ، دانیشتوانی چین هیچ بەگومان و دوودڵ نین لەبەرانبەر ئەم تەکنەلۆژیایەد وەک ئەوروپاییەکان بەردەوام لەمەڕ داهێنانە نوێیەکانەوە هەیانە، دەوڵەتێک دەتوانێ بە گوشارێکی نەرم پەرەسەندنەکە بە خواستی خۆی بچەرخێنێ... ئەمەریکا دەزانێ چین بەهێزە لە زیرەکی دەستکردا، دەیەوێ نەیهێڵێ و بیسڕێتەوە


**گەوهەرێک لە ئەڵمانیا**

لە ئەڵمانیا کەش و ڕوانینێکی بەگومان بەرانبەر بە زیرەکی دەستکرد هەیە و بەخۆپارێزییەوە دەستی بۆ دەبەن. ڕەنگە ئەمەش نیشانەی هوشیاری و ئەو ترس و پەرۆشە بێت، کەوا چاوەڕوان دەکرێ لە پەرەسەندنی زیرەکی دەستکرد بکەوێتەوە. ئەم بەراوردە لە چاو ئەمەریکاییەکاندا کە دەیانەوێ یەکەم بن لەسەر ئاستی هەر داهێنانێک دا گورجوگۆڵانە دەستخۆشی لێ دەکەن ..

Start- Upلە شاری درێسن و کۆلن هەیە ..لە کۆلن ئامێرێکی وەرگێڕانی زمانیان بەرهەم هێناوە.. کۆمپانیاکە سەرەتا ٢٠ کارمەندی هەبوو ئێستا ٤٥٠ کەسن و تا ئێستا ٣١ زمانی تێدا دەستەبەر کراوە و لە هەنووکەدا سەرقاڵی ڕێکخستنی زمانی عەرەبین بۆ ناو ئەم ئامێری وەرگێڕانە ...وەک باس دەکەن لەگەڵ زانکۆکاندا لە پەیوەندی باشدان و مشتەرییەکانی تریشیان ئاسوودەن.. پێش ماوەیە داتای بنچینەیی نووسینی Deepl Write onlineدروست کرد ..ئێستا کۆمپانیایەکە بەهای بۆتە یەک ملیارد زیاتر.. ئامانج لەمەش سازدانی جیهانێکە دوور لە کۆسپی زمان Language Barriere و کۆمپانیای Deepl یاریزانێکی گلۆبالە ..پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەمە بەرەو کوێ دەڕوات؟! نەک هەر لە رووی مرۆییەوە بەڵکو لە رووی زمانیشەوە. زمان وەک بووەیەکی زیندوو و داهێنەر چارەنووسی بەدەست دەسکردی زیرەکەوە بەرەو کوێ مل دەنێ!... ئایا ئەو هەموو چێژ و میلۆدی و زەوق و جوانی و هەست و گەرمی وگوڕی و ژیانەی لە زماندا هەیە، چۆن دەکرێ بیکەینە قوربانی ئامێرە بێ گیانەکان... خاوەن و دامەزرێنەری کۆمپانیای Online -Übersetzer s Deeplکە ناوی Jaroslaw Kutylowski هیە خۆی زیاتر وەک هاوکار و پرد دروستکەر دەبینێ و دادەنێ نەک وەک مەکینەیەکی جێگرەوەی وەرگێڕان و دەیەوێ بەم سەرنجە جەوهەری کارەکەی روون بکاتەوە :**" شیعر هونەرە، وەرگێڕانی شیعریش هەروەها هونەرە."**

پێدەچێ مەبەستی ئەوە بێت ئەگەر دەستکردی زیرەک بتوانێ دەقێکی شیعریی وەربگێڕێت ئەوە کارێکی هونەری ئەنجام داوە!.. بەڵام ئایا وەرگێڕانەکە چەند سەرکەوتووە؟ ئەوە کرۆکی پرسیاری ئەو بەرهەمیە کە لە کاری زیرەکی دەستکرد بە گومانن .! ناوبراو دەڵێ : **من لە خەم و دڵەخورپەی خەڵک تێدەگەم،**

**بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە :نموونەیەکی تر بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجەکەی دەخاتە ڕوو: لەگەڵ ئەوەشدا کەوا ئامێری ژمێریاری/ حاسبة هەیە، ئێمە هەر فێری ژمێریاریی دەبین. بۆ تێگەیشتن لەم پێوەندییە گەورە تەنیا کاتێ دەبێ، گەر بێتوو ئێمە پرسیاری قورس بخەینە بەردەم مێشکمان، فێربوونی زمانیش یەکێکە لەوانە."**




ماوێتی....